## یا کوردستان... یا گیرفان...!



تاڤگە ئەحمەد میرزا

سرکی شەقام... بێدەنگی ئۆپۆزسیۆن... دەرباربونی میدیای ئازاد... نوسەر و رۆشنفکر، چوار چەمکی دانەبڕاو بۆ چاودێری و روبەروبونەوەی هەر سیستمێکی سیاسی و دەسەڵاتێکی سیاسی، کاتێك دوچاری قەیرانی سیاسی، ئیداری، ئابوری، کۆمەڵایەتی و...هتد دەبێت.
شەقام سەرچاوەی شەرعیەت و پێدانی متمانەیە بۆ دەسەڵاتی حوکمڕان لە وڵاتدا .
ئۆپۆزسیۆن هەوێنی دەرخستنی لادانە جیاجیاکانی هەناوی سیستمی سیاسیە.
میدیای ئازاد دەرخستە و هەورەبروسکەی بێ پێناس و سنورە، لە هەر کات و ساتێکدا تەواوی زانیاریەکان لەبەردیدی رای گشتی و بەرژەوەندی گشتی و چاکەی گشتی دەخاتەڕ.

هەر کات سێگۆشەی تایتڵی سەرەوە (شەقام، ئۆپۆزسیۆن، میدیای ئازاد) دوچاری فشاری دەسەڵات هات، توانرا بە جۆرێك لە جۆرەکان شپرزەیی لە نێو ریزەکانیان بەدەرکەوێت، ئیدی سیستمی سیاسی، دەسەڵاتی سیاسی، روبەڕوی قەیرانی کەڵەکەبو دەبێتەوە.

فاکتەرێکی گرنگتر، وێڕای ئەوانەی سەرەوە توێژاڵی نوسەر و رۆشنبیرە، رەنگدانەوە و شرۆڤەکردنی روداوەکان، ئەمان پێشڕەو و را و رای جیاواز هەریەك لە دیدگای خۆیەوە دەخاتە سەرخەرمانی چاکەی گشتی.

فۆکۆیاما دەڵێت: ئەو کاتەی لیبراڵیەت لەبەرامبەر مارکسیەت سەرکەوتنی وەدەست هێنا، ئیدی کۆتایی بە مێژو و ئایدیۆلۆژیا و جوگرافیا هات.
ساموئیل هنتنگتۆن دەڵێت: سیستمی نوێی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای پێکدادانی شارستانێتی رۆشنبیری نەك ئایدیۆلۆژیا و ئابوری پێك دێت و بەرهەم دێت.

روخساری عەولەمە و ئامرازەکانی لەڕوی سیاسی و رۆشنفکرییەوە دەقاودەق ئەمڕۆ بۆچونەکانی فۆکایاما و هنتنگتۆن رەنگدانەوەی واقیعی ئەمڕۆی بەشەریەتە.

بابێینە سەر کوردستان، پرسیارێك بکەین ئایا هەرێمی کوردستان لە بۆدەقەی بە دەوڵەتبوندایە؟ یاخود ستراتیژیەت و پلان رەخساوە بۆ بون بە دەوڵەت؟.!
خەسڵەتە سەرەکیەکانی بە دەوڵەتبون (بونی هەرێمێك، بونی گەلێك لەسەر ئەو هەرێمە بەردەوامی مانەوەی تێدا

ره‌خسابێت، سه‌روه‌ری هه‌رێم و گه‌ل)، ئه‌مانه پایه سه‌ره‌کیه‌کانی بون به‌ده‌وڵه‌ته، وێڕای بونی ئیعتیرافی نێوده‌وڵه‌تی وه‌ك خه‌سڵه‌تێکی تر.

هه‌رێمی کوردستان له راپه‌ڕینی 1991 تا 2003 هه‌مو خه‌سڵه‌ته‌کانی بون به ده‌وڵه‌تی تێدا فه‌راهه‌م و ره‌نگدانه‌وه‌ی واقیعیانه‌ی تێدا به‌ده‌رکه‌وتبو.
له 2003 به‌دواوه، له‌بری ئه‌وه‌ی جه‌خت له بون به ده‌وڵه‌ت بکرێت، کشان به‌ره‌و ناوه‌ند هه‌نگاو نرا، ئیدی رۆژ له دوای رۆژ هزر و ستراتیژیه‌ت و هۆکاره نێوده‌وڵه‌تی و ئیقلیمیه‌کان رو له کاڵبونه‌وه بو. به‌تایبه‌ت هۆکاری نێوده‌وڵه‌تی، زانییان کورد و نوێنه‌رانی کورد خۆیان له بۆده‌قه‌ی ئه‌و پرسه‌دا نابیننه‌وه، چاوپۆشی له ستراتیژیه‌تی به ده‌وڵه‌تبون له روانگه و بۆچونی پارت و حیزبه کوردییه‌کان رو له کوژانه‌وه و سڕبون ده‌چێت.
مه‌خابن هه‌رواش به‌ده‌رکه‌وت، له‌م هه‌رێمه‌دا ئه‌وه‌ی که‌شه‌رعیه‌ت به خۆیان ده‌ده‌ن بۆ نماینده و پێشڕه‌وایه‌تی، ده‌رئه‌نجامی سیاسه‌تیان روخاندن و لێکترازانی ماڵی کورد بوه.

نه (ئۆپۆزسیۆن، میدیای ئازاد، رۆشنفکر) له ئاست خواستی (شه‌قام) جمه و جوڵه‌یان هاوتا و ته‌ریب نه‌بوه. هه‌رده‌م خواستی شه‌قام له دیدگه‌ی ئۆپۆزسیۆنه‌وه تا ئاستێك بچوك کراوه‌ته‌وه، ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات ویستویه‌تی کت و مت ئۆپۆزسیۆن به ئه‌نجامی گه‌یاندوه. به‌نمونه: داواکاری شه‌قام و زانکۆ زیاتر له (60)خاڵ وه‌ك دو پڕۆژه‌ی هاوچه‌رخی چاکسازیی و گۆڕانکاری ریشه‌یی له هه‌رێمی کوردستان ریزبه‌ند کرابو، ئۆپۆزسیۆن هه‌نگاو به‌هه‌نگاو قۆناغ له دوای قۆناغ له پڕۆژه‌ی گشتگیره‌وه بۆ پڕۆژه‌ی حیزبی، پاشان بۆ پڕۆژه‌ی هاوبه‌ش، ئه‌وجا وه‌رگرتنی پڕۆژه‌ی ده‌سه‌ڵات و دواجار هه‌ڵپه‌ساردنی گفتوگۆ و دانوسان له ته‌ك ده‌سه‌ڵات ده‌کات.

له‌م که‌ین و به‌ینه‌دا سه‌رۆکی هه‌رێم خۆی به نێوه‌نده‌که‌دا ده‌کات، پڕۆژه‌ی چاکسازی به قۆناغ ده‌خاته (چوار بڕیاری تا هه‌نوکه جێبه‌جێ نه‌کراو) خۆ ده‌بینێته‌وه.

ئیسرائیلیه‌کان کاتێك فه‌له‌ستینیه‌کان کۆت و به‌ند ده‌که‌ن، له‌سه‌ر مێزی گفتوگۆ به فه‌له‌ستینیه‌کانی ده‌فرۆشنه‌وه، تا ئه‌و ساته‌ی 1000 فه‌له‌ستینی به یه‌ك سه‌ربازی ئیسرائیلی ده‌گۆڕنه‌وه. ده‌سه‌ڵاتیش له کوردستان خۆی پاره‌ی ئۆپۆزسیۆن ده‌بڕێت هه‌ر خۆی ده‌یکا به‌بڕیار و نیه‌تی گه‌ڕانه‌وه‌ی پاره‌که‌یان ده‌دا و بێ ئه‌وه‌ی یه‌ك که‌س نوزه‌ی لێوه بێت. سه‌یری ئه‌و دو وێنه‌یه بکه‌ن (ئه‌وه‌ی ئیسرائیل و ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی کوردی له‌م هه‌رێمه‌دا) بزانن ئیسرائیلیه‌کان بۆ خاك و رۆحی ئیسرائیلی چی ده‌که‌ن؟!. له‌کوردستانیش ده‌سه‌ڵاتی کوردی خۆی به‌چییه‌وه سه‌رقاڵ کردوه. باس له‌وه‌ش ده‌که‌ن پێویسته ماڵی کوردی یه‌ك چێشتخانه و که‌یبانوی هه‌بێت.!

سه‌یره‌که له‌وه‌دایه، ئۆپۆزسیۆن بێده‌نگه، له هه‌موی ناقۆڵاتر و ناله‌بارتر، ئه‌و میدیایه‌یی که هه‌میشه فه‌خر و شانازی به‌وه‌وه کردوه که ئه‌م پێش ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆن بوه، ئه‌مه ئه‌گه‌ر وابێت. پرسیاری گه‌وره ئه‌وه‌یه، ئه‌ی کۆبونه‌وه‌تان له‌ته‌ك تاڵه‌بانی له‌پای چی بوه؟!. پاشان ده‌نگۆی کۆبونه‌وه‌تان له‌ته‌ك بارزانیش ده‌ڵێن به‌ڕێوه‌یه.!

ئه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه شه‌قام و رای گشیه، هه‌رچه‌نده هۆشیاری به‌ته‌واوه‌تی وه‌ك پێویست نه‌چه‌سپیوه وه‌لێ زۆر به‌په‌رۆشتر له ئۆپۆزسیۆن و میدیا و رۆشنفکر دید و بۆچونیان زیاتر ئینتمای نیشتمانی و خۆشه‌ویستیان بۆ خاك هه‌یه.

ماوه بڵێم، هەموتان کار لەسەر نیشتمانێك دەکەن، گەلەکەی زیاتر لە 30%ی هەژارە، زیاترلە 23%ی بێکارە، دیاردەی گەندەڵی بوە بە قەیران، بێ حورمەتی بە ئینسانەکان تا ئەو ئاستە گەیشتوە، رۆژانە کەسوکار و حاشیەی دەسەڵاتداران بە بلۆك و سەدان دەفتەرە دۆلاری بەهەدەردراوی ئەم میلەتە تەواوی پیرۆزییەکانی گەلێك لە گرێژنە دەبەن.!

درۆ بوەتە دراوێکی قەڵب و بە نرخی زێر تاوتوێی روداوەکانی پێ دەکەن. موزایەدەی سیاسیتان هێندە ناشیرین بوە، بەمیوانی بێ یاخود بەسەردانی پاڕانەوە و لاوانەوە بێت، نازانم چۆن بەناخی زەویدا ناچن، نەك ئاڵای کوردستان بگرە ئاڵای ئەو عێراقە درۆیەی کە خۆتان پێوە گرێداوە لە پشت و تەنیشت ئاڵاکەیانەوە دانانێن و مەخابن هەر فەخریشی پێوە دەکەن.!

هەمو ئەمانە وامان لێ دەکات، بڵێین تەنها و تەنها سرکی و بزۆزی شەقام دڕ بە شەوەزەنگی هەمو بێ دەنگی و دەرباربونێك دەدات. ئیدی کە ئەو رۆژە هات وەی لە راماڵینی کورسی شەق و شڕ، پەشیمانییش دادی سیستمی داخراو و دەسەڵاتی داخراو نادات.!

ئەوێ کات کوردستان مافی گەلە... گیرفانیش با فریای مێژوی رەش بکەوێت.!